


## گۆڕانكارییەک لە جیهانی راوتەردا

راوتەر (router) ئەو ئامێرەیە، كە ئەركەكەی زۆر ئاسانە، تەنیا گواستنەوەی هێڵی ئینتەرنێتە لە مەودایەكی كەمدا، كاتێك هێڵی ئینتەرنێت دەگاتە شوێنی مەبەست بەهۆی راوتەرەوە لەنێوان كۆمپیوتەر و مۆبایلەكاندا هاوبەشی دەكەی.. لە زۆربەی ئەو شوێنانەی هێڵی ئینتەرنێتی لێیە راوتەر دەبیندرێ..

كۆمپانیای asus لە پیشانگای ساڵانەی ces2018دا گۆڕانكارییەكی لە جیهانی راوتەردا پێكهێناوە، لە پێشانگاكەدا دوو راوتەری خستەڕوو كە یەكێك لەوانە لەگەڵ سیستەمی دەنگ بە فەرمانی ئامازۆن ئەلیكسا دەگونجێت.

راوتەری جۆری Lyra Trio، راوتەرێكی قوچەكی شێوەیە، ئالیاری جۆری X3 mimo3 لەسەرە. كۆمپانیای بەرهەمهێن رای وایە ئالیارەكە زۆر تایبەتە و دەتوانێت ئەوكاتەی كە هێڵی ئینتەرنێت زۆر لاوازیش بێت هەر كێشەی بۆ دروست نەبێت.

راوتەری جۆری lyra voice، لە دیزایندا زۆر سەرنج راكێش نییە و زیاتر وەك لایتێكی گەورە دەچێت.. بەڵام لە كاركرد دا راوتەرێكی جیاوازە لەگەڵ گشت راوتەرەكانی دیكە، سیستەمی سێ باندەیە. لەگەڵ سیستەمی دەنگی ئامازۆن ئەلیكسا دەگونجێت. سپیكەرێكی ستریۆ و مایكێكی تێدایە بەكارهێنەر دەتوانێت بەهۆیەوە فەرمانەكان بە راوتەرەكە بكات.

بەكارهێنەر دەتوانێت لە رێگای پرۆگرامی lyraەوە زانیارییەكانی ناو تۆڕەكە لە موبایلەكەی خۆیەوە كۆنترۆڵ بكات، ئەگەر كێشەیەكش هەبێت ئەپلكەیشنەكە ئاگادارت دەكاتەوە.




## كۆمپیوتەری تایبەتی بەگەیمی Dell

كۆمپانیای dell لە بواری بەرهەمهێنانی كۆمپیوتەر و ئامێرەكانی دیكەدا ناسراوە، بەتایبەتی لە بواری كۆمپیوتەری سیستەمی لاپتۆپ و دیسكتۆپدا.. لەم ماوەیەدا كۆمپانیای ناوبراو لە پیشانگای ساڵانەی CES2018دا، كۆمپیوتەرێكی خستەڕوو كە بە جۆری Inspiron Gaming Desktop 5680 ناسراوە، كۆمپیوتەرەكە لەگەڵ نەوەی هەشتەمی core i7 و رامی ٦٤ گیگابایتی، كارتی گرافیكی لە جۆری GTX 1070 بە یەكێك لە بەهێزترین كۆمپیوتەرەكانی كۆمپانیای ئاماژە پێكراو دادەنرێت، سەرەڕای ئەوەش هاردێكی یەك ترابایتی هەیە. كۆمپیوتەرەكە تایبەتە بەگەیم و ئەركی قورسی گرافیكی وەك دیزاین و ئەركی سینەمایی... سیستەمی فێنك بوونەوەی بەهێزی هەیە و گەرم دانایەت لەگەڵ ئەوەشدا دەنگێكی كەمی هەیە.



## سەگە رۆبۆتەكان

جیهانی تەكنەلۆژیای نوێ، نازاندرێ بەرەو كوێ هەنگاو دەنێت.. پێدەچێ لەداهاتوودا كاریگەری زیاتر لەسەر بوارە كۆمەڵایەتییەكان دابنێت و هێندەی دیكە بەرەو ساردیان بەرێت. لە وڵاتانی رۆژئاواییدا گیاندارانی ماڵی بۆ نموونە سەگ و پشیلە بوونەتە هاودەمی نزیكی مرۆڤەكان... پێدەچێ جیهانی دیجیتالی دنیای گیاندارانی ماڵەوەش تێك بدات، ئێستا سەگ و پشیلەی رۆبۆت بەرهەم هاتوون، هەمان ئەركی گیاندارانی ماڵەوە هەمان خوو كرداری گیاندارانیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتی رۆژانە وەك ئاو و خۆراكیشیان ناوێت.. بۆ نموونە



# پرۆژکتەری مەڕمەڕی لەیزەری سۆنی

پرۆژکتەر واتا (داتاشۆ) ئەگەرچی لەم چەند ساڵەدا گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە، بەڵام هەرگیز نەبۆتە ئامێرێکی گشتگیر و وەك تیڤی یان DVD نەبۆتە باو.. ئەرکی پرۆژکتەرەکان نیشاندانی فیلم و داتاشۆیە لەسەر پەردەیەکی سپی بە قەوارەیەکی مەزنتر، پرۆژکتەرەکان لە کۆنفرانس و سیمینارەکان و وتنەوەی وانە فێرکارییەکان سوودی زۆری لێدەبینەدرێ..

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای سۆنی پرۆژکتەرێکی لەیزەری بەناوی LSPX-A1 لە پیشانگای ساڵانەی ces۲۰۱۸دا خستەڕوو. پرۆژکتەرەکە کوالیتی نیشاندانی و ڕوونییەکەی K٤ە. دەنگیەکەکەی 3Dیە..

پرۆژکتەرەکە وەك مێزێکی جوان و سەرنج ڕاکێش دەکرێت وەك دیکۆر لەماڵەوە دابندرێ.. ئەگەر مەودای نزیکی پرۆژکتەرەکە لە دیوار ٢٤ سم بێت، دەکرێت مەودای نیشاندانەکەی ١٢٠ ئینج بە کوالیتی K4 نیشان بدات.

تیشکە لەیزەرییەکە لە سەرەوەی پرۆژکتەرەکە دێتەوە دەر کە خودی پرۆژکتەرەکە لە مەڕمەڕ دروست کراوە. پرۆژکتەرەکە دەکرێت وەك سینەمایەك سەیر بکرێت و موبایل و تیڤیشی لەگەڵ پەیوەند دەدرێت.. بەڵام بۆ ئەوەی کە سوود لەو پرۆژکتەرە وەربگری دەبێ گیرفانت زۆر پڕبێ، چونکە ٣٠ هەزار دۆلار نرخێکی کەم نییە...



# زیرەکتر دەبن

سەگی ڕۆبۆتی Aibo کە ئێستا زیرەکتر و بەهۆشترە لە جاران..

ڕۆبۆتە سەگەکە هی کۆمپانیای سۆنی ژاپۆنییە کە لە پێشانگای ساڵانەی CES2018دا خرایەڕوو.. هەرچەندە ئەو سەگە ئەمساڵ پێدەنێتە دووەم ساڵی بەڵام ئەمجارەیان بەهۆشترە و ئەرکی زیاتر ئەنجام دەدات..

سەگە ڕۆبۆتەکە دەتوانێت فەرمانە دەنگییەکان بە زمانی ئینگلیزی تێبگات. وەك پێی بڵێی دانیشە، بڕۆ، تۆقە کردن..تاد.

کامێرایەك لەناولوتی دایە و دوو چاوی زیت و وریای هەیە.. کاتێك لەماڵەوە نابی وەك کامێرایەکی چاودێری کار دەکات. سیستەمی وای-فای هەیە و دەیان جۆر هەستەوەری تێدا بەکارهاتووە. سپیکەرێك و چوار مایکی هەیە. کاتێك دەستی بەسەردادێنی وەك سەگێکی ڕاستی پەرچەکردار لە خۆی دەنوێنێ.



# چاویلکە گرنگەکەی ڕۆکێد

چاویلکە واقیعی-مەجازییەکان هەرچەندە نەبوونە گشتگیر و بەوجۆرەی پێویستە پێشوازیان لێنەکرا، بەڵام هێشتاش کۆمپانیاکان لە هەوڵی بەرهەمهێنانیدان..

لە پیشانگای ساڵانەی CES2018دا کۆمپانیای چینی (rokid) چاویلکەیەکی هۆشمەندی خستەڕوو.. هەرچەندە دیزاین و ڕواڵەتەکەی سەرنج ڕاکێش نییە، بەڵام تواناکانی گرنگن.. بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی چاویلکەکە ئەمانەن: ئەگەر پەنجەکانت بکەیەوە دەتوانی فەرمانەکان هەڵبژێری، ئەگەر پەنجەکانت بکەی بە مست، دەتوانی لەنێوان لیستەکاندا یەکێکیان هەڵبژێری.. ئەو وێنانەی بە کامێرای چاویلکەکە دەگیردرێن لە گۆشەی لای ڕاستی چاویلکەکە نیشان دەدرێن. گرنگترین بەشی چاویلکەکە توانای ناسینیەوەی ڕوخسارەکانی هەیە، بەپێی لێکچوون وێنەکان ڕیزبەندی دەکات، ئەو کەسانەی لەپێش چاویلکەکە ڕادەوەستن دەیانناسێتەوە و بەراوردیان دەکات بەو وێنانەی لەناو میمۆری چاویلکەکەدان.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، زۆر جار کە کار لەسەر فۆتۆشۆپ دەکەم، بەهۆی نەمانی کارەبا، یان بە هۆکارێکی دیکە کۆمپیوتەرەکەم دەکوژێتەوە و کارەکەم دەبێ لەسەرەتاوە دەست پێبکەمەوە، قەولی پێشنیان ڕیسەکەم لێدەبێتەوە خوری. ڕێگاچارەیەك هەیە بۆ ئەوەی کارەکەم نەسڕێتەوە؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز هەر لە فۆتۆشۆپدا لەبەشی Edit > Pref-erences > File Handling دا ئەو فەرمانە بدۆزەوە Automatically Save Recovery Information Every لەوێدا ئۆتۆماتیکی دە خولەك داندراوە، تۆ بە ویستی خۆت دەتوانی خولەکەکانی کەم بکەیەوە پێنج خولەك و تەنانەت سێ خولەك و کەمتریش... کاتێك کۆمپیوتەرەکەت کوژایەوە، فایلە دەستکاریکراوەکەت ناسڕێتەوە...

## پرۆگرامێک بۆ دانانی پرسیاری تاقیکاری

دانانی پرسیاری تاقیکاری وەك سەردەمی پێشوو هەڕەمەکی نییە، مامۆستا لە وەرەقەیەکدا چەند پرسیارێك ئامادە بکا، لە سەردەمی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتدا هەموو شتێك ئاسانکاری تێدا کراوە، یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی بواری دەرهێنانی تاقیکاری، پرۆگرامی School-house Testیە. پرۆگرامێك کە بە توانا زۆرەکانی یارمەتی مامۆستایانی زانکۆ و قوتابخانەکان دەدات کە بە ئاسانی و بە خێرایی پرسیارەکانی تاقیکاری دابنێن، پرۆگرامەکە چەندین شێوازی دانانی پرسیاری تێدایە. مامۆستایان دەتوانن پرسیارەکانیان بە شێوەی وێنە، پرسیارەکانی هەڵبژاردن، پرسیار و وەڵام هەڵبژێرن..

بە جۆرێك ١٣ جۆر شێوازی ئامادەکردنی پرسیاری تێدایە کە مامۆستایان دەتوانن لە هەر جۆرێك مەبەستیانە هەڵبژێرن..





# کامێرای واقیعی/مەجازی لینۆڤۆ

لە پیشانگای ساڵانەی ces2018 دا کۆمپانیای لینۆڤۆ کامێرایەکی واقیعی- مەجازی بەناوی Lenovo Mirage camera خستەڕوو، کە خاوەنی دوو لێنز (عەدەسە)یە بە گۆشەی ١٨٠ پلە.. لەگەڵ پلاتفۆرمی دی دریمی گوگڵیش دەگونجێت. تەنانەت دەتوانی ڤیدیۆکانی واقیعی- مەجازی ٣٦٠ پلەش بەرهەم بێنێت. ئەم بەرهەمە نوێترین کامێرای واقیعی- مەجازییە کە لەگەڵ ڕکابەرەکانی خۆی جیاوازی هەیە. لە خاڵی بەهێزی کامێراکە ئەوەیە کە قەوارەکەی گونجاوە و لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە. لە فۆرماتی نوێی VR180 ی سایتی یوتیوب سوود وەردەگرێ. لە دوو کامێرای فیش ئای ١٣ میگا پیکسلی سوود وەردەگرێ، دەکرێت ئیفێکتی سێ ڕەهەندی (3D)ی لە بەرهەمهێنانی وێنەیەکی هاوبەش لەدوو گۆشەی لێکجیاوازەوە دروست بکرێت.

کامێرای ناوبراو لە سێ حاڵەتی وێنەگرتن، فیلم هەڵگرتنەوە و پەخشی ڕاستەوخۆدا سوودی لێوەربگیرێت. بەهۆی وای-فایەوە لەگەڵ موبایل پەیوەند دەدرێت. کێشی کامێراکە ١٣٩ گرامە. لەگەڵ گشت ئاپەکانی گوگڵ و یوتیوب دەگونجێت. رامەکەی دوو گیگابایت و میمۆرییەکەی ١٦ گیگایە، دەکرێت میمۆری ١٢٨ گیگابایتیشی بۆ دابندرێ.



## لەم سایتەدا پرۆگرامێکی ئەندرۆید دروست بکە

حەز دەکەی بەبێ پرۆگرام، ئەپلکەیشنێکی ئەندرۆیدی دروست بکەی، بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی GoodBarber بدە، لەم سایتەدا دروستکردنی ئەپلکەیشنی ئەندرۆید ئاسانە، لە خوارەوەی سایتەکەدا موبایلێك هەیە، لە ڕێگای ئەوەوە دەتوانی چۆنییەتی دروستکردنی پرۆگرامەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ ببینی، هەر گۆڕانکارییەك بکەی دەستبەجێ لە موبایلەکەدا هەست پێدەکرێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەویستی بەکارهێنەر بێت و لە نەخشەسازی ئەپلەکەیشنێك دا کەمتر تووشی گرفت بی.. هەرچەند سایتەکە بە خۆڕایی نییە و تەنیا مانگێك دەتوانی بە خۆڕایی سوودی لێوەربگری...



# تەندروستی خۆت بە موبایلەکەت بسپێرە

لە پیشانگای ساڵانەی CES2018دا یەکێك لەو ئامێرانەی سەرنجی ئامادەبووانی پیشانگای راکێشا، ئامێرێك بوو بەناوی (Lenovo Vital Moto Mod) کە وەك پارچەیەك لە موبایلەکانی مۆتۆرلا دەخرێت. ئامێرەکە زانیاری گرنگ و هەستیار لە پەنجەی بەکارهێنەرەکەی بەدەست دێنێت.

زانیارییە هەستیارییەکان بریتین لە زانینی زەختی خوێن، لێدانی دڵ، هەناسەکێشان، ئوکسیژنی ناوخوێن، پلەی گەرمی بە شێوەی ورد و بێ هەڵە دەستنیشان بکات.

پاش دەستنیشانکردنی ئەو زانیاریانە، لەکاتی مەترسیدا بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە و تەنانەت ئەگەر دکتۆری تایبەتی پێ ناسێندرابی، دۆکتۆرەکە ئاگادار دەکاتەوە. زانیارییە گرنگەکان بۆ ئینتەرنێت دەگوازێتەوە.